خەبات وەرزش
یەکشەممە 2012/1/22 ژمارە 363









# سەرۆکی پۆلیڤیا ڕێز لە ڕۆنالدینهۆ دەگرێت

سەرۆکی پۆلیڤیا وەک ڕێزلێنانێک میدالیای شایستەی بەخشییە ڕۆنالدینهۆی یاریزانی هەڵبژاردەی بەڕازیلی و یانەی فلامینگۆ، ئەم ڕێوڕەسمەش لە کۆشکی کیمیدۆی سەرۆکایەتی لە لاباز بەڕێوەچوو کە تیایدا ئیفۆ مۆرالیسی سەرۆکی پۆلیڤیا لە بەرامبەر سەرسامیی خۆی و هەروەها بەو پێیەی ئەو یاریزانە لەو وڵاتە هەوادارێکی زۆری هەیە، ئەم ڕێزەی لێنداوە. جێی باسە ئێستا ڕۆنالدینهۆ لەگەڵ یانەی فلامینگۆ لە وڵاتی پۆلیڤیایە بۆ خۆئامادەکردنی بۆ گروپی دووەمی جامی لیبەر تادۆریس.



# پیلێ: هەرگیز پیلێیەکی دی لە دایک نابێتەوە

ئیدسۆن ئەرانتیس دو ناسیمنتۆ "پیلێ"ی ئەفسانەی تۆپی پێی بەڕازیلی دەڵێت لەم کاتەی ئێستادا مێسی باشترین یاریزانی جیهانە، بەڵام کە دەڵێن پیلێیەکی تازەیە لە دایک بووە، ئەوە ڕاست نییە.

پیلێی تەمەن 71 ساڵ لە دیمانەیەکی ڕۆژنامەی لۆمۆندی فەڕەنسی گوتی: کاتێک مێسی 1.283 گۆڵی تۆمار کرد و سێ جار مۆندیالی بەدەستهێنا، ئەوکات دەتوانین باس لە دەستکەوتەکانی بکەین.

هەروەهاگوتی:ئەوڕیکۆردانەی ئێستا مێسی تۆماری کردوون هەر یاریزانێکی دیکە دەتوانێت بەدەستیان بێنێ، بەڵام زۆر زەحمەتە یاریزانێک بتوانێت ڕیکۆردەکانی من بەدەست بێنێ، زۆرجاریش پرسیاری ئەوەم لێدەکەن کە کەی پیلێیەکی تازە لە دایک دەبێت، من بەو ڕستەیە وەڵامیان دەدەمەوە کە دایک و باوکم کارگەی منداڵبوونیان داخستووە.

# هۆشەنگ عەبدوڵڵا:
# وەرزش لە کوردستان بەرەو پێشچوونێکی باشی بە خۆیەوە بینیوە



هۆشەنگ عەبدوڵڵا یەکێکە لەو پەیامنێرانەی کە ماوەی 4ساڵە لە بواری ڕاگەیاندنی وەرزشی کار دەکات لە سەتەلایتی کوردستان تیڤی، سەبارەت بە تێکەڵبوونی لەگەڵ دونیای وەرزش گوتی : هەر لە تەمەنی منداڵیەوە لەگەڵ وەرزش زۆر هاوڕێ بووم هەر ئەوەش بوو وای لە من کرد بواری وەرزشی هەڵبژێرم و سوپاس بۆ خوا لە زۆر جێگا ڕێزمان لێدەگیرێت لە کاتی ڕووماڵکردنی هەواڵەکان ئەمەش جێگای خۆشحاڵییە بۆ ئێمە، سەبارەت بە سەیرکردنی یارییەکان گوتی: بە پێی کات سەیری یارییە وەرزشییەکان دەکەم و لە زۆربەی یاریەکانی هەولێریش ئامادەم ئەمە زۆر خۆشحاڵم دەکات، لە جیهانیش دوو یانەم خۆش ئەوێت یەکیان یانەی هەولێری دایکەو ئەوەی تریان یانەی ڕیال مەدریدە وە هەڵبژاردەی بەرازیلم زۆر خۆش ئەوێت وە هیوام وایە وەرزش لە کوردستان بەرە و پێشچونێکی باشی بە خۆیەوە بینیوە، هیوادارم پێشکەوتووتر بێت، چونکە کوردستانیش هیچی کەمتر نیە لە وڵاتانی تر لە کۆتایش دا ئاماژەی بەوە کرد کە لە سەرەتای دەست بەکاربوونی لە بواری ڕاگەیاندنی وەرزشی هاوڕێیەکانی بە پلەی یەکەم هاوکارییان کردووەوە ڕۆڵی سامان سلێمانی بەرز نرخاند لە هاوکاریکردنی بە پلەی یەکەم.

ئا: تریفە ئازاد



# کریستیانۆ لە بارەی ڕەفتارەکەی پیپی چیی گوت؟

ئەو گرتەیەی کە پیپی پێی خستە سەر دەستی لیۆ مێسی لە کلاسیکۆی جامی ئیسپانیا، بەردەوام لێدەدرێتەوە و دەنگۆیەکی زۆری لێکەوتەوە و هەمووان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە پیپی بە مەبەست پێی لەسەر دەستی مێسی داناوە، هەروەها هەمووان ئەمە بە ڕەفتارێکی ناشرین و دوور لە گیانی وەرزشی دەبینن، بەڵام کاتێک ئەم پرسیارە ئاڕاستەی گریس ڕۆناڵدۆی خاوەنی تاکە گۆڵی مەدرید کرا لەو یارییە، ئەو نەیویست زیاتر ئەو باسە بورووژێنێت و ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەم جۆرە یارییانە لە هەموو خولەکاندا تایبەتمەندیی خۆی هەیە و ئەوەی ڕووشیدا لەو جۆرە یارییانەدا چاوەڕوان دەکرێت.

# لە دەرگای پیۆلەوە شاکیرایەکی تازە دەچێتە قەڵای کەتالۆنیا



کارلۆس پیۆل پەیوەندی لەگەڵ خانمە نمایشکارێکی جلوبەرگی کۆلۆمبی دەبەستێت و دەیەوێت ئەو نمایشکارە شوێنی مالینا کۆستای خێزانی پێشووی بگرێتەوە. بەگوێرەی ڕاگەیاندنەکانی ئیسپانیا، پیۆل و گیسیل خانمەنمایشکاری کۆلۆمبی لە میامی یەکتریان بینیوە، دواجاریش گیسیل کە هەواڵی لە یەکتر جیابوونەوەی پیۆل لەگەڵ هاوسەرەکی زانیوە، زوو خۆی گەیاندۆتە بەرشلۆنە و جارێکی دیکە چاوی بە دڵی شێرکەوتۆتەوە، ڕۆژنامەکان ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد کە هەرچەندە دڵی پیۆل زۆر پەیوەست نییە بە سۆز و خۆشەویستییەوە، بەڵام گیسیل دەیەوێ ئەو دڵەی پیۆل بدزێت و سەرنجی بۆلای خۆی ڕابکێشێ. جێی باسە گیسیل تەمەنی 24 ساڵە و لەساڵی 2010 بە شاجوانی شاری بارانکویلا هەڵبژێردرا کە هەمان ئەو شارەیە کە شاکیرای دۆستی پیکێ لێی لە دایک بووە.

# کۆمپانیایەکی نەوتی ئەلبانی بەنیازە خاوەندارێتیی میلان بکڕێتەوە



بەهۆی ئەو فشارە گەورەیەی لەسەر خانەوادەی بیرلسکۆنی لە ئارادایە کە ناتوانێ خەرجیی ئەو یانەیە بدات کە ساڵانە نزیکەی 100 ملیۆن یورۆیە، دیارترین ئەوانەی پاڵێوراون بۆ کڕینەوەی ئەو خاوەندارێتییە، بریتین لە خاوەن کۆمپانیایەکی نەوت و غازی ئەلبانی، کۆمپانیای زەبەلاحی برومی رووسی بۆ غاز، بەلای ئەو زانیاریانەی لە ڕووسیاوە بڵاویش کراونەتەوە، ئەوەیە کە ئەو کۆمپانیا ڕووسییە بەجدی بەدوای ئەو هەوڵەوەیە.